## ئەوكارانەی پەسەندە لەم ڕۆژانەدا بکرێت

١–نوێژ, پەسەندە کە دەستپێشخەری بکرێت بۆ جێبەجێکردنی فەرزەکان و بەزۆری سونەتەکان ئەنجام بدرێت, بەتایبەتی لەم دەرۆژەدا: (ثوبان) ئەیگێڕێتەوە ئەفەرموێت: (گوێم لێ بوو پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەیفەرموو: ((زۆر کرنۆش ببە, چەنکە هەر سوژدەیەك نابێت بۆ خوای گەورە ئیلا پلەیەك پێی بەرز ئەبێتەوە و تاوانێکت لەسەر لائەچێت))رواه مسلم

٢–ڕۆژوگرتن: لەبەر ئەوەی کە بەشێکە لە چاکەکاری, هەروەها (هنیدە)ی کوڕی (خالد) لە خێزانەکەیەوە ئەویش لە یەکێك لە خێزانەکانی پێغەمبەرەوە (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: ((پێغەمبەری خوا لە نۆمینەی حاجیان بە ڕۆژوو ئەبوو...)) رواه احمد و ابو داود و النسائی: ئیمامی نەوەوی فەرموویەتی: ڕۆژو گرتنی ئەم ڕۆژانە سونەتە و زۆر پەسەندە.

٣–الله اکبر و لااله الا الله و الحمدلله : لە فەرموودەی عبدالله ی کوڕی عمر دا هاتووە:
زۆر{الله اکبر و لااله الا الله و الحمدلله}ی تێدا بکەن. ئیمامی بوخاری –ڕەحمەتی خوای لێ بێت– (ابن عمر) و(أبو هريره) دەر ئەچوون بۆ بازاڕ لەم (دە ڕۆژەدا).
الله اکبر یان دەکرد و خەڵکیش {تەکبیریان ئەکرد بە تەکبیرەکەیان}



هەروەها فەرمووی:{ئیمامی عمر لە شوێنی حەوانەوەی (الله اکبر)ی ئەکرد لە مزگەوت گوێیان لێ ئەبوو ئەوانیش (الله اکبر)یان ئەکرد. هەروەها ئەوانەی لە بازار بوون (الله اکبر)یان ئەکرد تاکو لە هەموو مینا دەنگی ئەدایەوە. (ابن عمر) لەو ڕۆژانەدا لە مینا (الله اکبر)ی دەکرد و لە دوای نوێژەکان و لەسەری جێگە و شوێنی دانشتنی و هاتووچۆی هەموو ئەو ڕۆژانە. سونەتە دەنگ بەرز کردنەوە بە تەکبیر لەو ڕۆژانەدا.

٤–ڕۆژوی (ڕۆژی عەرەفە): ڕۆژوی عەرەفە سونەتی موئەکەدەیە چونکە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەربارەی ڕۆژووەکەی ئەفەرموێت: ((أحتسب علی الله أن یکفر السنة التي قبله و بعده)) رواه مسلم.

واتە:پاداشتی لای پەروەردگار کەفارەتی گوناهی ساڵی ڕابردوو و ساڵی داهاتوو. بەڵام هەرکەس لە حەج بێت ئەوە نابێت بە ڕۆژو بێت, چونکە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە عەرەفە ڕاوەستا بێ ڕۆژوو بوو.

## ٥– فەزڵی ڕۆژی قوربان:

زۆرێك لە موسڵمان بێ ئاگان لە گەورەیی ئەم ڕۆژە, هەندێك لە زانایان بە گەورەترین و چاکترین ڕۆژی ساڵی ئەزانن, ابن القیم –ڕەحمەتی خوای لێ بێت– فەرموویەتی: (چاکترین ڕۆژ لای پەروەردگار ڕۆژی قوربانە, ئەویش ڕۆژی حەجی گەور).



هەروەك چۆن لە (سنن ابي داود) پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) : ((چاکترین ڕۆژ لای پەروەردگار ڕۆژی قوربانە)).

## چۆن پێشوازی لە وەرزی چاکە بکەین؟

١– جێی خۆیەتی موسڵمان پێشوازی لە ئەم بۆنانە بکات بە تەوبە و پەشیمانی ڕاستەقینە و وازهێنان لە تاوان, چونکە تاوان ڕێگرە لە فەزڵی پەروەردگار.

٢–هەروەها پێشوازی لێ بکەین بە نیەتێکی ڕاستەوە کە بیقۆزینیمەوە بە وەی, کە جێی ڕەزامەندی پەروەردگارە, هەر کەس ڕاست بکات لە گەڵ پەروەردگاردا ئەوە سەرفرازە ((والذین جاهدوا فینا لنهدینهم سبلنا)) العنکبوت:٦٩.

برای موسڵمان ئەم دەرفەتە لە دەستی خۆت مەدە پێش ئەوەی بڕوات و پەشیمان بیت.

خوای گەورە هەمووان مۆفەق بکات و یارمەتی هەموو لایەك بدات بۆ کاری چاکە.

والحمد لله رب العالمین